The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

## پارتی سەنتەری سوێدی لەپەرلەمانی سوێدی پێشوازی لەناوەندی چاک دەکات



ڕۆژی 2007/11/21 کاتژمێر 5 ی ئێوارە پارتی سەنتەری سوێدی لەپەڕلەمانی سوێد پێشوازی لەوەفدێکی ناوەندی چاک کرد کە پێک هاتبوون لە ( هیوا گۆل محەمەد ، قادر نادر) ، وەفدی ئامادەبووی پارتی سەنتەر پێک هاتبوو لە (شاشتین لوندگرێن ) و( ئانیا یۆهانسۆن )کە هەردوکیان ئەندامی کۆمیتەی بریاردەری بەشی دەرەوەی پەرلەمانی پارتی سەنتەرن لەگەل ( عبیر السهلانی) کە راوێژکاری بەشی دەرەوەی پارتی سەنتەر ، دوای بەخێر هاتنی وەفدی چاک بواردرا قسەو باسی خۆی بکات ، سەرەتا کاک هیوا گوڵ کورتەیەک لەسەر هەولەکانی ناوەندی چاکی باس کرد لەولاتی سوێد کە چۆن زیاتر لەسالێکە دەستی بە کەمپینێک کردوە بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆسایدا و خۆشبەختانە چەند ین پەرلەمانتارو پارتی سوێدی ئیمزایان کردوە و داوای کرد کە پارتی سەنتەر لەو بوارەدا زیاتر رۆلی خۆی ببینێ و ئەو ئەرکە مرۆڤایەتیشی کە لەنێو پەیڕەو پرۆگرامی داهەیە لەبەرامبەر گەلەی کورد بەگشتی و ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید زیاتر رەنگ بداتەوە وە ئێمە چاوەروانی ئەوەتان لێدەکەین ، دواتر قادر نادر کورتەیەک لەسەر ناوەندی جاک بەگشتی باس کردو کەلەچەندین ولاتەوە وا خەریکی ناساندنی ئەنفال بەجینۆسایدە وەک نەرویژ ، دانیمارک ، سوێد ، لەندەن ،هۆلەندا ، ئەلمانیا ، .... دواتر گلەیی ئەوەی کرد کە بەداخەوە پارتی سەنتەر سەرەتا زۆر بەگەرمی بۆ ئەم مەسەلەیە هاتە پێشەوە بەلام دواتر بێدەنگ بووە ، وەداوای کرد کە مادام دادگای عێراقی دانی بەوەداناوە کە ئەنفال جینۆسایدە پێویستە ئێوەش هەمان تێروانیننتان هەبێت ، وە رەخنەی ئەوەشی گرت کە هۆی چیە ئەوڕپیەکان مەسەلەی ئەرمەنەکان بە جینۆساید دەناسینن بەلام مەسەلەی ئەنفال ناناسێنن ؟؟؟ .

وەفدی پارتی سەنتەر سوپاسی ناوەندی چاکی کرد بۆ ئەو زانیارایانەی باسی کردو ئاماژەی بەوە کرد ئەوان ئێستاش پێیان وایە داکۆکی لەگەلی کورد دەکەن و مەسەلەی ئەنفالیش لای سەنتەر پارتی گرنگی خۆی هەیە و بۆیە سەرجەم تێبینیەکانتان لەکۆبۆنەوەی تایبەتی خۆمان باس دەکەین ، بەلام ئێمە پیمان وایە باشترین شوێن بۆ دەستە بەرکردنی ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید دادگایەکی هاوشیوەی وەک لاهایە که ئەو کات سیاسیەکانیش ناتوانن تکۆلی لەو مەسەلەیە بکەن . دواتر وەفدی چاک سەرباری گرنگی دەرچونی بریاری دادگای بەغدا لە ناساندنی ئەنفال بەجینۆسایدا ، بەلام ئەوەشی ڕاگەیاند ئێستا لایەنە سیاسیەکانی عێراق بە ئاشکرا تێکەل بەبریارەکانی داداگا بوونە هەروەک چۆن دۆسیەی دوجێل پێش ئەنفال خراو خودی سەدام لەسێدارەدرا بەرلەتەوابونی دۆسیەی ئەنفالداو ئێستاش هەولی زۆر هەیە کە بریارەکانی دادگا سەبارەت بەتاوانبارانی ئەنفال جێبەجێ ناکەن . وەفدی پارتی سەنتەر لەوەلامدا ئاماژەیان بەوە کرد کە ئێمە ئاگاداری بەشی زۆری ئەو زانیاریانەین ، بۆیەش دەلێین با ناساندنی ئەنفال بچیتە ناو دادگایەکی نێو دەولەتی و سوپاس بۆ ئەو زانیاریانە وردانەی ئێوەش دەکەین .دواتر وەفدی چاک داوایکرد کە
پارتی سەنتەر بەئاکتیڤی بێتەوە پشت مەسەلەی ناساندنی ئەنفال بەجینۆسایدا
هە ولی ناوەندی چاک هەیە لەیادی 20 سالەی ئەنفالدا کەکۆنفرانسێک لەیەکێک لەولاتانی ئەسکەندەناڤی ڕێک بخات کە هیوادرە پارتی سەنتەر ڕۆلی خۆی تیا ببینێت .
هەردوو داخوازی ناوەندی چاک بەگرنگیەوە وەرگیرا ئاماژەیان بەوە کرد کە دوای کۆبونەوەی خۆمان وەلامتان دەدەیەنوە
لەکۆتایشدا ناوەندی چاک سوپاسی پارتی سەنتەری کرد کە ئەو پێشوازیەی لێکرد ، بەتایبەتی دۆستی گەلی کورد و چاک ( ئانیا یوهانسۆن ) کەبەردەوام هاریکارمان بوە لە گەیاندنی دەنگی ئێمە بۆ پارتەکەتان .
شایەنی باسە پارتی سەنتەری سوێدی دووەم پارتی سیاسی دەسەلاتدارە لەسوێد دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە کۆبونەوە کە 50 دەقیقەی خایاند

ناوەندی چاک

2007-11-22

www.chak.be

chak_org@yahoo.se

